

# فیلی چاویلکە لە چاو



لەدارستانێکی گەورەو سەوزی هیندستاندا. ئەو شوێنەی کە پڕە لەگیانداری جۆراو جۆر و سەرنج ڕاکێش، فیلێك لەگەڵ سێ بێچووەکەیدا دەژیا. گیاندارانی دارستانەکە ئەم خێزانە بچوکەیان زۆر خۆش دەویست. بەتایبەتی فیلە بچوکەکە کە لەهەموویان مناڵترو، لەهەموویان هارو هاج تربوو.



ئێوارەی ڕۆژێك، دایكی فیلەكان تەماشای كرد بێچوەكەی لەبەیانیەوە بۆ سەیران چووە بۆ دارستانەكەو، هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆماڵەوە. زۆر دڵ تەنگ و پەرێشان بوو. چونكە دەیزانی لەو دارستانە گەورەیەدا ئەگەر بێچوەكەی ون بێت، بەئاسانی نادۆزرێتەوە.

هێشتا بەتەواوی تاریكی نەكردبوو، بێچوە فیلەكە بە سەرو گوێلاكی خوێناویەوە گەڕایەوە.

دایكانەكە كاتێك منداڵەكەی بەبرینداری بینی گەلێك نارەحەت بوو و هاواری كرد:

- ئەمە چەندەمین جارە تۆبە سەرو گوێلاكی خوێناوییەوە درەنگ وەخت ئەگەڕێیتەوە بۆماڵەوە... پێم نالێی بۆ هێندە هارو هاجی؟ بۆكوێ چووبووی؟

بێچووە فیلەكەش بەدەم گریانەوە وتی:

- كاتێك لەناو دارستانەكەدا بەدوای بێچووە فیلەكانی تردا رام دەكرد. هەستم كرد چاوەكانم بەباشی شتەكان نابینن.. ئەنجا كەوتمە ناو چاڵێكەوەو قاچەكانم بریندار بوون...

فیلە دایكانەكە بۆ بێچوەكەی زۆر خەفەتباربوو وتی:


- ئەبێ بتبەم بۆلای دكتۆر(بزن) بۆ ئەوەی فەحسی چاوەكانت بكات و بزانێ بۆچی سەیری پەڕێ خۆت ناكەیت لەكاتی ڕۆشتن وراكردندا ئەكەویتە چاڵ و چۆلیەوە.







بەیانی ڕۆژی دواتر دوای ئەوەی دایکانەکە نانی بەیانی دایە بێچوەکەکانی، دەستی بێچوەکەی گرت و بەرەو لای دکتۆر بزن کەوتنە ڕێ، کە کولبەکەی لەناوەراستی داستانەکەدابوو.
دکتۆر بزن هەر فیلەکەو بێچوەکەی بینی وتی:
- بەخێربێن، چی ڕوی داوە؟
فیلە دایکانەکە وتی:
- دکتۆر گیان، فریام کەوە، ماوەیەکە بێچوەکەم لەکاتی ڕاکردندا یان دەکەوێتە ناو چالەوە یان سەری بەر دارەکان دەکەوێت. خۆی ئەڵێت چاوەکانی باش نابینن.. ئەگەر بتوانی چارەسەری بکەی هەرچیم بۆبکرێت بۆتی دەکەم.
دکتۆر بزن وتی:
- هێندە نارەحەت مەبە هەرئێستاپێت ئەڵێم ئەم فیلە بچووکە بۆ هێندە ئەکەوێ.
دکتۆر بزن دەستەسرێکی ڕەشی لە گیرفانی دەرهێناو چاوی چەپی فیلەکەی پێ بەستەوە. بەجۆرێك تەنهاچاوی ڕاستی فیلەکە ببینێ.
دکتۆر بزن تەختەیەکی سپی کەهێمای گەورە و بچوکی لەسەربوو بەدرەختێکی نزیك کولبەکەیدا هەلواسی وبە فیلە بچووکەکەی وت:
- ئەتوانی ئەم هێمایانە بەباشی ببینی؟
فیلە بچووکەکە هەرچی ی کرد نەیتوانی بیانبینێ. دکتۆر بزن دەستەسرەکەی لەچاوی چەپی کردەوەو، چاوی ڕاستی پێ بەستەوە. لێ ی پرسی:



- ئێستاچی؟ ئەتوانی هێماکان بەباشی ببینی؟
فیلە بچوکەکە وتی:
- نە ، باش نایانبینم.
دکتۆر بزن سەرێکی لەقاندو وتی:
- بەداخەوە چاوەکانی بێچوەکەت زۆر کز بون، ئەگەر لە ئێستاوە چارەسەریان نەکەی، لەوانەیە چاوەکانی لەدەست بدات.
فیلە دایکانەکە هەر ئەم قسانەی گوێ لێ بوو بەدەم پاڕانەوەوە وتی:
- دکتۆر گیان، پێم بڵێ چی بکەم؟
- تەنها ڕێگە ئەوەیە چاویلکەی بۆ بکەی.



فیلە دایکانەکە تائەو کاتە ناوی چاویلکەی نەبیستبوو بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

- چاویلکە؟ چاویلکە چیە؟

دکتۆر بزن بەدەم پێکەنینەوە وتی:

- مەترسە! چاویلکە شتێکی شوشەییەو لەچاو دەکرێت. ئەوسا بێچوەکەت هەمووشتێك بەجوانی دەبینێ.

فیلەکە پرسی:

- ئەی لەم دارستانە گەورەو گرانەدا من چۆن ئەتوانم چاویلکەی بۆ پەیدا بکەم؟


دکتۆر بزن وتی:

- خۆت پەرێشان مەکە. بۆ دروست کردنی چاویلکە ئەتوانی یارمەتی لە گیاندارانی دارستانەکە وەرگری.پێش هەرشتێك برۆ بۆلای (دار کونکەرە) و داوای لێ بکە لەداریەروو پارچە تەختەیەکت بۆ دابتاشێ. ئەنجا بیبە بۆلای کەروێشکی دارتاش و لەزمانی منەوە پێ ی بلێ چێوەیەکت بۆ چاویلکەکە بۆ دروست بکات.

پاشان چێوەکەم بۆ بهێنە تاکو شوشەی تێبگرم.

فیل و بێچوەکەی بەرێنوێنەکانی. دکتۆر بزن دلخۆش بوون و بەرەو لای (دارکونکەرە) کەوتنە رێ. ئەویش بە خۆشیەوە لقەداریەرویەکی بەدیاری پێدان.پاشان بەرەو لای کەروێشکی دارتاش کەوتنەرێ. ئەویش چێوەیەکی بەگوێرەی دەم و چاوی بێچووە فیلەکە دروست کرد. دوای ئەوەش گەرانەوە بۆلای دکتۆر بزن. ئەویش شوشەی گرتە چێوەکەو بەپەتێك بەستیەوە بەچاوی بێچوە فیلەکەوە.ئیتر فیلە بچوکەکە دەیتوانی هەموو شتێك بەجوانی ببینێ، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام لەکاتی گەرانەوەیاندا بۆماڵەوە، گیانداران و باڵدارانی دارستانەکە وەك مەیمون و ئاسك و ورچ و تووتی و قەلەرەشی بێکار، دەستیان کرد بەگاڵتەکردن بە بێچوە فیلەکە. چونکە تاکو ئەو کاتە فیلێ چاویلکە لەچاویان نەدیبوو.! بێچوە فیلەکە کاتێك بینی هەموویان پەنجەی بۆ رادەکێشن وگاڵتەی پێ ئەکەن، زۆر بێزاربوو دەستی کرد بەگریان.






فیلە دایکانەکە زۆر تورەبوو. بەلوتە درێژەکەی ئەو دووبێچوە مەیموونەی گرت کە گاڵتەیان بە بێچوەکەی دەکرد و هەڵی دان بۆ ئاسمان.
مەیمونەکان لەترساندا هەڵهاتن و گیاندارەکانی تری دارستانەکەش خۆیان لەپشتی درەختەکاندا حەشاردا.
ماوەیەك بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕی، بەڵام گیاندارانی ناو دارستانەکە
هەرکە هەلێکیان بۆ بڕەخسایە دەستیان دەکرد بە گاڵتەکردن بە فیلە بچوکەکە.
ئەویش هەربۆی بکرایە بەلووتە بچوکەکەی زرمەی لێهە ڵدەستاندن.







قەلەڕەشەکان گەلێ هاربوون، لەهەمویان زیاتر ئازاری بێچووە فیلەکەیان ئەدا.
بۆ هەرکوێ بفڕینایە دەنگوباسی بێچوە فیلەکەو چاویلکەکەیان دەگەیاندە ئەم وئەو.
بەلاّم هەموو گیاندارەکان وەك یەك نەبوون. ئەوانەی هۆشیارو عاقلّ بوون دەیانوت:
- گالّتە پێکردن شتێکی باش نییە، ئەبێتە هۆی دوژمنداری و رق وکینە لەناو گیاندارەاندا.
بەلاّم هەندێك لەگیاندارە نەزانەکان، بەردەوام دەبوون لەسەر ئەو کارە
خراپەیان.قەلەڕەشەکان بڕیاریان دا بەتەواوەتی ئازاری بێچوە فیلەکە بدەن.
بۆیە ڕۆژێك ئەوکاتەی بێچوە فیلەکە لەخەوێکی قولّدابووەکانن و بەدەنووك
چاویلکەکەیان لەگەلّ خۆیاندابرد تا لەشوێنێکدا قایمی بکەن.



بێچوە فیلەکە کاتێك لەخەو هەستا، چاویلکەکەی نەمابوو. هەموو ئەم لاو ئەولای خۆی گەڕا. بەڵام نەیدۆزیەوە. یەکسەر گەڕایەوە بۆلای دایك و خوشك وبراکەی و پرسی:

- چاویلکەکەمم ون کردوە. ئێوە نەتانبینیوە؟

ئەوانیش بەناڕەحەتیەوە وتیان نازانین لەکوێیە. پێکەوە بۆ دۆزینەوەی چاویلکەکە ژێر و سەری گیاو گەڵاو لق و پۆپی دارەکانیاکرد. بەڵام نەیان دۆزیەوە.

ڕۆژانی دوایش زۆری بۆ گەڕان، بەڵام دیار نەبوو! بێچوە فیلەکەش چاوی نەیدەبینی و دەکەوتە ناو چاڵ و لەکاتی ڕێکردندا گیاندارە.

بچوکەکانی پیشاندەوە تەنانەت جارێکیان قاچی نا بە کەرویشکێکا کەلەسەر ڕێگەکە خەوی لێ کەوتبوو. کەروێشکەکە بەنووزە نوز ڕایکردو دوای چەند ڕۆژێك کولانەی کەروێشکەکەی، وێران کرد.

بەکورتی لەبەرئەوەی فیلەکە چاوەکانی کزبوون و چاویلکەکەی نەمابوو،

هەر ڕۆژە و کەتنێکی ئەدا.





دوای ئەوە، گیاندارەکان کە ئاسایشیان بەهۆی بێچوە فیلەکەوە تێک چووبو لەسەر پێشنیاری مەیمونێک بڕیاریاندا بڕۆن بۆلای دکتۆر بزن تاکو کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات. کاتێک مەسەلەکەیان بۆ دکتۆر بزن گێڕایەوە ئەویش سەرێکی لەقاندو ووتی:

- ئەگەر بێچوە فیلەکە لەکاتی ڕێکردن وڕاکردندا ئەبێتە هۆی ئازار و ئەزیەت دانی ئێوە،

- هیچ تاوانێکی نیە. چونکە چاوەکانی کزن و بەباشی نابینێت. من ئەزانم ئەگەرئێوە گاڵتەتان پێ نەکردایەو چاویلکەکەیتان لێ نەدەشاردایەتەوە،

ئێستا هیچ کێشەتان نەدە بوو. ئێستا پێم بڵێن کێ چاویلکەکەی بێچوە فیلەکەی شاردۆتەوە. ئەو چاویلکەیە بۆ چاوی ئێوە ناشێ کەڵکی نیە..

گیاندارەکان سەیری یەکتریان کردو وتیان:

- دکتۆر ڕاست دەکات. ئەو چاویلکەیە بەتەنها بەکەڵکی ئەو دێت. بەڵام چاویلکەکەی لە کوێیە؟

قەلەڕەشەکانیش کەلەوێ بوون، تەماشای یەکتریان کرد و لەکاتێکدا دڵیان بۆ بێچوە فیلەکە تەنگ بوو. دایانە شەقەی باڵ وهەڵفڕین...



کاتێك شەو داهات.
قەلەڕەشەکان
چاویلکەکەیان گرد بە
دەنووکیانەوەو
هێنایانەوە بۆبێچوە
فیلەکە.
بێچوە فیلەکە کاتێك
چاویلکەکەی لەچاو کرد
دەستی کرد بەهەڵبەزین
ودابەزین و چیتر
نەدەکەوت و ئازاری
گیاندارانی تریشی
نەدەدا.
دایك وخوشك وبرا
کەشی هێندەی ئەو
دڵشاد ببوون..
لەو ڕۆژە بەدواوە هیچ
گیاندارو باڵندەیەك
گاڵتەی بەبێچوە
فیلەکە نەدەکرد.



وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی خانەی سمۆرە بۆ ڕۆشنبیریی منداڵان

ناوی کتێب: فیلی چاویلکە لە چاو
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : مەجید صالح
نەخشەسازی: سامان محەممەد صالح
سەرپەرشتی هونەریی: دەریا شکاك
تایپ: ژیلۆ شەوکەت شابان
چاپ: چاپخانەی ماردین
تیراژ: ( ٢٠٠٠ ) دانە
ژمارەی سپاردن: ( ٩٦٦ ) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ( ٢٠٠٧ )
ساڵی بەچاپ گەیاندنی: ( ٢٠٠٧ ) چاپی یەکەم
ناونیشان: بەرانان ـ گەڕەکی( ١٠٧ ) کۆڵانی ( ٥٦ ) خانووی ژمارە( ٢٠ )
ت: ٣١٩١٨٢٨

ئیمێڵی خانەی سمۆرە: xanaysmora@yahoo.com
xanaysmora@hotmail.com

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرێتی خانەی سمۆرە
2007©

## لە بڵاوکراوەکانی خانەی سمۆرە
ساڵی ... 2007

1 ـ با لەگەڵ کەڵەشێر گۆرانی بڵێین
2 ـ جیتر دایکم بەجێ ناهێڵم
3 ـ نەورۆزی دارستان
4 ـ لە جەنگەڵدا
5 ـ دارە بێبەرەکە
6 ـ ژاڵە
7 ـ کڵاو سوور
8 ـ پینۆکیۆ
9 ـ سەندرێلا
10 ـ بەسەرهاتی ماسیەك
11 ـ نازیلە
12 ـ تێد
13 ـ فیلی چاویلکە لە چاو
14 ـ گەشتێك بەناو دەریادا
15 ـ هایدی
16 ـ سیحر بازی شاری ئوز
17 ـ کچە بێنازەکە

